# بەرکوڵی بەرنووسی دەستوور، (کورد سنووری نییە)

سیروان کاروانی

عێراقییەکان دەیانەوێ لەسەر نووسینەوەی دەستوورێک بۆ داهاتووی عێراق کۆک بن. ئەو عێراقەی کە (بە خورتی) لە دوو نەتەوەی سەرەکی (کورد و عەرەب) و کەمایەتییەکانی تر پێکهێنراون. کوردەکان سەرەڕای بوونی ناکۆکیی پێشتریان، توانییان لەم ئاستەدا هەنگاوێکی باش بنێن بەوەی بە یەک لیستی کوردستانی بەشداریی دانووساندنەکان بکەن، کە دەبووایە هەر وا بکەن. عەرەبەکان کە لە شیعە و سوننە پێک دێن، گرفتێکی ئێجگار قووڵیان لە نێواندایە بەوەی کە زۆربەی عەرەبە سوننەکان بەعسی بوون و لایەنگریی حزبی بەعسیان دەکرد و سالانێک بوو جگە لە کورد ، هەواداری شیعەکانیشیان کردبووە نیشانی سێرەی چەکەکانیان. سوننەکان چونکە وەک خەڵکانێکی باڵادەست و پڕچەک و پڕهێز تا ئێستا ڕەفتاریان کردووە، ئێستاش هێندێک خەڵکی ئەوان هەر بە خەیاڵی جاران دەیانەوێ زۆرینە ملکەچیان بێ، هەر بۆیە مل بە هیچ داوایەک نادەن کە چارەنووس و سنووری گەلێکی وەک کورد دیاری بکات و هۆزە داگیرکارەکانی دەوروبەر و ناو کەرکووک بگەڕێندرێنەوە ناوچەکانی خۆیان و هەروەها بە هیچ جۆرێک فیدرالییەتیان بۆ شیعەکان کە زۆرینەی خەڵکی عێراق پێک دێنن، قبووڵ نییە و جگە لەوانەش، ئەوان نایانەوێ بە هیچ جۆرێک ناوی بەعس بە خراپ بێت و زۆری تر.

ئەگەر لایەنی چاکە و خراپەی خاڵەکانی ناو ئەو دەستوورە لێک بدرێنەوە، ئەوا ئێمە وەک کورد دەگەین بەم ئەنجامانەی، کە چۆن کورد نەیتوانیوە تا ئێستا بە ڕێگەیەکی تر مافەکانی خۆی وەدەست بێنێ، ئەوا لە بەرنووسی ئەو دەستوورەدا کە خەریکە ئامادە بێت بۆ ڕاپرسی، توانیویە مافەکانی خۆی بێنێتە بەر گفتوگۆ و بەشێکی کەم بە هۆی ژمارەی خۆی و ئەو بارە ئاساییشەی کە سالانێکە ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە بێنێتە دی. لە لایەکەی ترەوە، کۆمەڵێک خاڵی گرنگی تر هەن کە چارەنووسی کوردیان پێوە بەندە و لە بەرنووسی ئەو دەستوورەدا فەرامۆش کراون و نوێنەرانی کوردیش قسەیەکیان نییە.

ئەندامانی کوردی ناو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە لە کوردستانن، کۆمەڵێک داواکاریی باشیان لایە کە کورد داوایان دەکات و ئەمانیش سازشیان لەسەر ناکەن، هەر کە دەگەنە بەغداد وەک گەڵای پاییز لێیان دەوەرێ و کزەیان لێوە دێ. جێگای سەرنجە کە ئەوان هێندێک وشەی ناو بەرنووسی دەستوورەکە پێکەوە دەلکێنن و دەیانکەن بە (جفرە) و دەڵێن، ئەوەیان مانای مافی چارەنووس دەدات و ئەمەیان مانای ئەوە دەدات کە ئەو شوێنانە هەموو دەگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

ئەگەر پاشەڕۆژی کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ و بوونی هەموو مافێکی خۆیی ببینین، دەبووایە لە بەرنووسی ئەو دەستوورەدا ، ددان بە بوونی دوارۆژێکی لەو شێوەیە بنرایە. ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد زیاتر متمانە بە نوێنەرانی خۆی و دۆستەکانی پەیدا بکات، چونکە کورد گەلێکی سەربەخۆیە و شیعە و سوننە پێکەوە گەلێکی سەربەخۆن. دەبێ ددان بەو ڕاستییەدا بنرێ کە هۆی بەستانەوەی گەلی کورد بە گەلی عەرەبی شیعە و سوننەوە، تەنها داگیرکارییە نەک دەهۆڵی برایەتی. عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە بێ و عەرەبی عێراق بەشێک بێ لە نەتەوەی عەرەب، ئەی بۆ نەگوترێ بەشە کوردەکەی بەشێکە لە نەتەوەی کورد ؟

ئەنجوومەنی نیشتیمانی و بەرنووسی دەستوور: هەق وابوو ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان، هەروا زوو بەرنووسی ئەو دەستوورەی پەسند نەکردایە و بەلانی کەمەوە چەند ڕۆژێک لە لایەن ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەوە وتووێژی لەسەر بکرایە و خاڵ بە خاڵی بۆ خۆیان و خەڵکی کورد ڕوون بکرایەتەوە و ئەو مشتومڕانەی لە لایەن خەڵکەوەوە بەرەوڕوویان دەبوونەوە، بە سینگێکی فراوانەوە لە خەڵک وەریانیان بگرتایە و بۆ شوێنەکانی تریان بەرز بکردایەتەوە. ئەنجوومەنی نیشتیمانی بە سەرۆک و ئەندامانییەوە، نابێ ئەوەیان لەبیر بچێ کە ئەوان سەرۆک و بنرۆکی حزبی نین، بەڵکوو نوێنەری کۆمەڵە خەڵکێکن و لە کاتی بڕیارێکی وا گرنگ کە چارەنووسی کۆمەڵە خەڵکەکەی پێوە بەند بێ، کەم یان زۆر، دەبێ تەماشای دەمی خەڵکی بکەن وداواکانیان وەربگرن و هەڵوێستیان هەبێ.

سەبارەت بە ئەنجوومەنی نیشتیمانی، بەرنووسی ئەو دەستوورە زۆر خاڵی نادیاری سەبارەت بە دواڕۆژی کورد تێدایە کە دەبووایە ببێتە هۆی پرسیار لەناو ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنەدا. ئەگەر ساناترین پرسیار لە خەڵکی کوردەوە لە ئەنجوومەنی نیشتیمانییەکەی بکرێت بەوەی سنووری کورد لە کوێوە بۆ کوێ لە دەستووردا هاتووە، ئەوان دەڵێن چی؟

ئەو ئەنجوومەنە لە کاتی وتووێژ لەسەر بەرنووسی ئەو دەستوورە و هەڵسەنگاندنی کە پێشتر پێیان گەیەنرابوو، مافی خۆیان بوو سەرنج و تێبینییان هەبێ و بە لانی کەمەوە هەر بۆ سەلماندنی بوونییەتی خۆیان و گرنگییان لەناو کورددا، خاڵێکی ناو ئەو دەستوورە کە چارەنووس نادیارە، نموونە وەک مەسەلەی کەرکووکیان قبووڵ نەکردایە و ئەو داوایەیان بخستایەتە ڕوو، کە دەبێ ئەو بڕگەیەی بە مەسەلەی کەرکووکەوە بەندە، لە لایەن ئەندامانی ناو لیستی کوردستانییەوە زیاتر داکۆکیی لەسەر بکرێ، نەک بۆ چەند ساڵێکی تر ڕابگیرێ، کە دیارە هەتا ئێستا چەندی بۆ کراوە ئەو چەند ساڵەش هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێ. ئەنجامدانی تەواوی بڕگەی پەنجا و هەشتی تایبەت بە کەرکووک و ناوچەکانی تر چونکە لەژێر بیانووی جۆراوجۆردا هەر دوادەخرێ و کاری بۆ ناکرێ، دەبێتە خەونی سێسەد ساڵەی ناو ئەشکەوت و خەیاڵێکی درێژ. خەڵک بۆی هەیە بپرسێ، ئەو پەنجا و هەشتەی شەو و ڕۆژ کورد و ڕاگەیاندنی کوردی باسی لێوە دەکەن، ئایا تا ئێستا چەند ئیشی لێوە کراوە؟

2005.08.30